# سەرهەڵدان و گەشەکردنی فیلمی تۆماری بە جۆرە جیاوازەکانییەوە

د. سلوى احمد سعدالدين
و. خالید حەمەلاو

**پێشەکی:**

هەر شێوازێکی ڕاگەیاندن ڕۆڵێک دەگێڕێ بۆ ئەو نامەیەی دەیگەیەنێتە بینەرو بە ئامانجی دەبـات، ئـەم ڕۆڵـەش بە پێی گـەورە و بچووکیی سروشتی ئەو شێوازە دەبێت، فیلمی تۆماریی بە یەکێک لەو ڕێگە ڕاستگۆییو بابەتییانە دادەنرێ بەو پێیەی کە پشتدەبەستێ بە وێنەی ڕاستییو واقیعیی، تواناکاری سینەماش بۆ گەیشتنو گەڕانو تێبینی کاریو هەڵبژاردنی ڕزگار کارییەکانی خودی ژیانە تاوەکو دەگۆڕێ بۆ جۆرێکی تازەو زیندووی هونەر، بەڵام فیلمی ستۆدیۆکان ئەو خاڵە بە هەند نازانێ کە سینەما لە گۆشە نیگایەکی ڕاستەقینەوە لێی بڕوانێت، لەو جۆرەدا وێنەی چیرۆکی نواندن دەکرێت لـەبـەردەم دیـمـەنـی دروسـتـکـراودا، لە کاتێکدا لە فیلمی تۆمارییدا دیمەنە ڕاستەقینەکە وەردەگیرێ لە توانادایە کە دەستـەواژەی فیلمی تۆماریی بەسەر هەر شێوەیەک لە شێوەکانی فیلمدا جێگیر بکەین، واتـە دەتـوانرێ هـەر جـۆرە فیلمێ بە فیلمی وێنە گیراو لە فیلمی سینەمایی خاوەن چیرۆکێکی درامیی هەتا فیلمی تجریدی. هەموو ئـەم فیلمانە لە بەکارهێنانی کامێرادا هاوبەشن وەک کەرەستەیەکی تۆمارکراو بۆ هەرشتێ کە لە بەردەم هاوێنەی وێنە گرتندا دەردەکەوێت، بەڵام مانایەکی وردتر بۆ ئەم دەستەواژەیەو بەکار هێنانی ئاماژە دەبێت بۆ ئەو جۆرە فیلمانەی هەوڵی تۆمار کردنی ڕووداوە ڕیوائییەکان دەکات، بە واتا لێرەدا ئەو فیلمانەی کە وەردەگیرێ لە هەندێ ڕووداو یان بۆنە یان چالاکی، یان ئەزموونە زانستییەکان یـان پـرۆسـەی نـەشـتـەرگـەری... هتد. واتـە فیلمە تۆمارییەکان کۆکراوەیەکە لە ڕشتەی ئەو فیلمانەی کە دەچێتە ژێر شێوەکاریەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی یان ئەندێشەیی، فیلمی روائی لە زۆرکاتدا سوود لە چیرۆکێکی خەیاڵیی وەردەگرێو بە مەبەستی دەستکەوت بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام فیلمی تۆماریی ڕەگی دەچێتەوە سەر ژیانو واقیع نەک خەیاڵو ئەندێشە، وە ئامانجی سەرەکییش بڵاوکردنەوەی زانیاریو وروژاندنی گرنگییدانو باوەڕ هێنانە بە بنەمایەک.

بە واتا کەفیلمی تۆماریی ئەو فیلمە لە بنەمادا وا دادەڕێژرێ کە زانیاری ببەخشێ و کاربکاتە سەر بینەرو بیوروژێنێ. فیلمێکی خاوەن پەیامو نامەیە کە بیرۆکەو زانیاری دەربارەی گشت بوارەکانی زانیاریو شارەزایەتی مرۆڤایەتی دەبەخشێت، وە مادەی لە واقیعەوە وەردەگیرێ. جا گەر ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بۆ پێکهاتەی ئەو واقیعەو پشتبەستن بە بیرۆکەیەکی سەرەکیی کە خاوەن بەهایەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوەی تایبەتمەندە لە فیلمی تۆمارییدا ئەوەیە کە هەمیشە لە واقیعەوە سـەرچـاوەی گـرتـووە، واقیع بابەتی سەرەکییەو دەستێکی فیلمە تۆمار کراوەکەیە، بەڵام پێویستە کە لـێـرەدا خـەیـاڵ بـنـەمـای واقـیـع بـێـتو لێیەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە نابێت سوود لە خەیاڵی

ڕووائی وەربگرن‌و شتگەلێ دابهێنێ کە لە واقیعدا بوونی نەبێت. لە زۆر باردا هەندێ لەو باوەڕەدان کە فیلمی تۆماریی تەنها فیلمێکی کورتە یان ئەو کورتییە دەبێتە تایبەتمەندی ئەم جۆرە فیلمە، ئەمە هەڵەیە دەکرێ کەفیلمی تۆماریی ببێتە فیلمێکی درێژو کورتیش کە ئەوەش سروشتی بابەتەکەو شێوازی چارەسەر کردنی درێژیی‌و کورتیی دیاریدەکات، نەک بەو وێنەیەی کەفیلمی تۆمارییە یان ڕوائییە. وە لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاستییەکاندا لە هەر فیلمێکدا پێویستە ئەو ڕاستییە بە جۆرێ بگۆڕێ و پێویستە لێی هەڵبژێرین‌و داڕشتەیەک‌و شێوەیەکی تایبەتی پێببەخشین. دروستکەرانی فیلم هەوڵی زۆر ئەدەن تاوەکو هەست‌و سۆز ببەخشن بە بینەر، و ڕوواڵەتێکی ڕاستەقینە بدەن کە بە ڕاستیی بوونی هەبێ هەتا هەندێ سوود لە تەکنیکی سینەمایی ئاشکرا وەردەگرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە، کەواتە سینەمای تۆماریی چارەسەرکردنی واقیعە وە ئەم لایەنە بابەتییەو ئەو چارەسەر کردنە جیاوازە ئەمە ئەو لایەنە خودییە لە سینەمای تۆمارییدا.

ڕووداوە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە گەر بە شێوازێکی سەمفۆنی نایابیش نمایش بکرێ، بەس نییە تاوەکو فیلمێک ببەخشێ باوەڕ پێهێنەربێ و پێویستە ئەو فیلمە قووڵ بێتەوە بۆ پشت ئەو ڕووداوو دیاردانە، تاوەکو پێکهاتەو داڕشتەیەکی هونەریی ببەخشێ‌و بگاتە ئاستی قۆناغە باڵاکانی هونەر، و خوڵقی هونەریش بەو واتایە نییە کە شتەکان وەکو خۆیان وێنە بگرێت بەڵکو مەبەست لە بەدەرخستنی ئەو مەبەستەیە کە لە پشت ئەو شتانەوەیە، گوزارشتی نەبونی ((بیرۆکە)) تایبەتمەندیەکەو لە هەمان کاتیشدا نەنگییە بۆ دەرهێنەری فیلمی تۆماریی و چەندەها فیلم هەیە کە نەبۆتە هۆی گرنگییدان‌و ئاگایی بینەر تەنها لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە چیرۆکێکی پتەو بەو بەهایە دەربخات. و بوونی بیرۆکەیەکی کاریگەر دەبێتە هۆی کارتێکەری بینەر و هەتا گەر بابەتەکەش نەبێتە هۆی کاریگەری لەسەر بینەر، گەر بە شێوازێکی دەرخستنی گونجاویش ئامادە نەکرابێت، بە توانایی‌و داهێنان لە گشت ڕوواڵەتە بینراوەکاندا، و پێکهاتەیەکی باش وە سەرکەوتنی بابەتەکەش وەستاوەتە سەر شێوازی چارەسەرکردن. ئەوەی کە لای دەرهێنەری فیلمی تۆماریی بوونی نییە ئەو کارتێکەرو کاریگەرو وروژاندنەیە ((تشویق و إثارە))، بەرامبەر ئەوە ئازادی پێکهاتەی فیلمەکە هەیە بە شێوازێکی گوزارشت کارو داهێنەرترە.

فیلمە تۆمارییەکان لە نێو دڵی ژیاندا تواونەتەوە، لەگەڵ واقیعیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و مرۆڤایەتیدا دەژین. لەسەر ئەو بنەمایە نامەی فیلمی تۆماریی‌و گەیاندنی مەترسی هەیەو گرنگە کە ڕۆڵ‌و گرنگی بەرجەستە بکرێ لە میانەی ئەوەی بینەر چی دەبینێ چ لە هۆڵی سینەما یان شاشەی TV. و لە میانەی بەدەرخستنی ئەو ڕاستییانەو دیاردە جیاوازەکاندا گۆشەنیگاو بۆچونی بینەر کۆ دەبێتەوەو ڕایەکی گشتیی‌و زەوقێکی تایبەت بەدەردەخات بەوەی کە دەیبینێ.

دەرهێنەری فیلمی تۆماریی ئەوەی بەدەری دەخات تێگەیشتنێکی ڕاستگۆیانەو قووڵی هەیەو هەوڵی ئەوە ئەدات کە بیرۆکەکەی بە ڕاستگۆیی‌و قووڵ کۆ بکاتەوەو بیخاتە ناو قاڵبێکی سینەمایی گونجاو، لە میانەی تەکنیکە سینەماییە باڵاکان‌و سروشتی ئەو بارە دەیوروژێنێ‌و هەر فیلمێکی تۆماریی خودی بارێکی تایبەتە و بە پێی بابەتی هەر فیلمێک‌و جۆرو بارودۆخی بەرهەمهێنانی شێوەی سیناریۆکە تایبەتە کە دەیگونجێنێت، وەک زانراوە کە ئەو پانتاییەی کاری لەسەر دەکرێ لە فیلمی تۆمارییدا پانتاییەکی زۆر گەورەیە، ئەو ناوچە فراوانەیە کە درێژ دەبێتەوە لە نێوان ئەو واقیعەو لە نێوان ئەو خەیاڵە ڕوتەدا.

- **سەرهەڵدانی فیلمی تۆماریی**:

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە چاپکراوە گشتییەکاندا وشەیەکی تازەو ناوێکی تازە دەرکەوت، ئەو وشە تازەیە «فیلمە تۆمارییەکان»ەو ناوە تازەکەش (جون گریسۆن)و لە ڕاستییدا وشەی فیلمە

تۆمارییەکان بۆ یەکەمینجار لە گوتارێکی هونەریی بەدەرکەوت کە جۆن گریسۆن لە گۆڤاری (نیورک صن) نووسیویەتی کە لە فبرایری ساڵی ١٩٢٦ دەرکەوت. وە ئەم وشەیە لە گوزارشتەکانی فەرەنسییەکان وەرگیراوە کە بۆ فیلمە گەشتەکان وتراوە. ئەم دەستەواژەیە لە رۆژنامەی ئەمریکیدا لە ساڵی ١٩٢٩ دەرکەوت، دواتر لە نووسینو گوتارە رەخنەییەکان بە دەرکەوت لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو رۆژهەڵات. لە راستییدا سەرەتاکانی دۆزینەوەی سینەمای فیلمە تۆمارییەکان لە سەرەتای سینەمادا دەرکەوتووەو هاوکات گریسۆن هەندێ ئەزمونی لەو بوارە تەواو کرد.

لەساڵی ١٨٧٤ چەند هەوڵێک درا بۆ تۆماریی فیلمەکان، (cesar Pierre jules)ی فەرەنسی هەوڵێکیدا بۆ تۆمارکردنی فیلمی (vrnus passing across the snu) کە وێنەی چەند گرتەیەکی گرت بەهۆی کامێرایەکی خولاوە کە خۆی دایهێنابوو، ناوی (revolver photographique)، لە دەرئەنجامدا شریتە سینەماییەکە نەبوو، بەڵام هەنگاوێ بوو بۆ ئەو لایەنەو بیرۆکەی بەخشی بە کەسانیدی، بەڵام دەربارەی وێنەگر (جانیس) کە هەڵسا بە وێنەگرتن کە تەنها گرنگی تۆماریی رووداوەکان بوو لەسەر کامێرا، لە هەمانکاتدا چەند هەوڵێکیدی درا لەسەر دەستی ئینگلیزی (ادوارد میبردج - Eadward muybridge) کە وەک وێنەگر کاریدەکرد، کە هەڵسا بە دانانی چەند کامێرایەک لەسەر چەند لایەکی رێگەیەک بۆ پێشبڕکێی ئەسپ. وە توانی کە ساڵی ١٨٨٠ بگات بە داهێنانی سندوقێکی جادوویی کە لە نێویدا شاشەیە هەیە کە وێنەی جووڵەی ئەسپەکەیە، میبردج ئەزمونەکەی لە چەند گیاندارێکیدی دووبارە کردەوە لە پاشان بەسەر چەند ژنو پیاوێکو سەمادا تاقیکردەوە... هتد. زانای ناوداری فەرەنسی (أ.ج ماری) (Etienne jules marey) کە توێژینەوەی دەربارەی جووڵە کردو ئامێری سمیت (photographique fusil)ی داهێنا کە کڵاشینکۆفێکی فۆتۆگرافی بوو کە بە هۆیەوە دەستی دەگرت بەسەر گرتنی جووڵەو هەست بە وێنەگرتنی چۆلەکەیەک لە کاتی فڕیندا، و توانی ساڵی ١٨٨٧ وێنەگری لەسەر کاغەز لە پاشان وەرگرتنی وێنەکان لەسەر شریتی سینەمایی، هەروا سەرکەوت لە نمایشکردنی دەرئەنجامەکەی لەسەر شاشەکە، و بەو جۆرە نزیک بویەوە لە تەکنیکی فیلمی تۆماریی، و فیلمە تۆمارییەکانی تەنها ٣ بۆ ٤ چرکەی خایاند، هەوڵەکانی ماری بەردەوام بوو، جورج دیمەنی George Demeny کە یاریدەدەری ماری بوو توانی ساڵی ١٨٩٢ گرتەی گەورەکراو مکبرە (c.u) وەربگرێ بۆلیۆ لە کاتی وتنی وشەدا پاش ئەوەی هەندێ چاککاری بەسەر ئامێرەکەی ماریدا کرد، وە ئەم ئەزمونانە بڵاو بوونەوەو شێوەی جیاوازی وەرگرت، تاوەکو ئەدیسۆن Edison توانی بگاتە داهێنانی کامێرایە ناونرا کنیتوسکوب Kintoscope ساڵی ١٨٩٤ پاشان روبرت بول لە ئینگلترا هەڵسا بە گواستنەوەی کینۆتوسکۆبی ئەدیسۆنو هەروا کامێرایەکی ئاسانی داهێنا کە بە دەست دەجووڵا، وە پێویستە ئەوە بەیاد بێنین کە یەکەمین کامێرا کە ئەدیسۆن دایهێناو شێوەو قەبارەی بە قەد ئامێری پیانۆ بوو وە لە فەرەنسادا برایانی لومییر گەشەیاندا بە کامێراکەی ئەدیسۆنو ئامێرێکیان داهێنا بە ناوی (سینەماتوگراف)، کە لویس لومییەر توانی بە یارمەتیدانی براکەی ئۆگەست jouis and auguste گەشە بە ئامێرەکەی کینۆتۆسکۆب بە ئامێری سینەماتوگراف بدات کە کۆکراوەیەکە لە نێوان کامێراو بروجوکتۆر لە یەک ئامێردا، لە کاتێکدا ئامێری کینتوسکوب لە توانایدا بوو کە تەنها تۆمار بکات نەک جووڵەکە نمایش بکات، ئۆگست لۆمییەر کۆکردنەوەیەکی کرد لە نێوان بیرۆکەو ئەزمونەکانی پێش خۆی - ئەدیسون، ماری، مادبیدج -و بە یارمەتی لویسی برای گەیشتە داهێنانی ئامێری سینەماتوگراف، ئەم ئامێرەش لە ١٨٩٥ تۆمار کرا، و برایانی لۆمییەر

توانییان بەو ئامێرە فیلمی lasortiedes usines jumiere وێنەبگرنو نمایشی بکەن کە ئەم فیلمە باس لە کرێکارانی کارگەیەک دەکەن کە لە کارگەکە دێنە دەرەوە.

ڕۆژی ٢٨ی دیسمبری ساڵی ١٨٩٥، بە مێژووی لە دایکبوونی سینەما تۆمار دەکرێ، کە هەردوو برایان توانییان لە گراندکافیە لە پاریس نمایش بکەن، و لە نێو ئەو فیلمە نمایش کراوانەش، هاتنە دەرەوەی کرێکاران بوو لە کارگەکەو سەرباری چەند فیلمێکی کورت وەک گەیشتنی شەمەندەفەر L Arivee dun Train en Gare کە یەکێکە لەو فیلمەی بینەران سەریان سوڕما کە گرتەیەکی تێدایە شەمەندەفەرەکە ڕوو بە ڕووی کامێرا دەبێتەوە. لەبەر ئەوە برایانی لۆمییەر بە پێشڕەوی فیلمی تۆماریو هەواڵیی دادەنرێن، بە جۆرێ کە بایەخیاندا بە وێنەگرتنی ژیانی ڕاستەقینەو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدات، هەروا هەردوو برا لە ساڵی ١٨٩٥ نوێنەرانی خۆیان نارد بۆ گشت لایەکی دنیا بۆ فرۆشتنی ئامێری سینەماتوگراف و نمایش کردنی فیلمەکانیان بۆ بینەران لە دەرەوەی سینەماکان، هەروا وێنەگرتنی فیلمگەلێک کە لە ڕووداوی دنیاو جیهان پێکهاتبێ. وە توانییان ساڵی ١٨٩٧ ئاهەنگی تاج لەسەرکردن لە کۆشکی نیکوبیای دووەم لە مۆسکۆ وێنە بگرن، هەروا وێنەگرتنی ڕێوڕەسمی سەرۆکایەتی مانیلی لە واشنتن، هەروا هەڵسان بە دەرهێنانی ٦٠ فیلم وە بەرهەم هێنانی نزیکەی ٢٠٠٠ فیلم. برایانی لۆمییەر لە فەرەنسا و ولاتانیدیو ولاتە ئەورووپییەکان بە باوکی سینەما دادەنرێن. هەروەکو زانراوە کە زۆربەی ئەو فیلمانەی کە برایانی لومیەر دەریان هێناوە ساڵی ١٨٩٦ لە جۆری تۆماریی بوون کە گرنگی بە نمایش کردنی ڕاستیی ڕووداوە ڕاستییەکان ئەدات بێئەوەی بچێتە قاڵبێکی ڕوائیی، بەڵام فیلمی تۆماریی بە واتا گەشە کردووەکەی لەگەڵ دەرهێنەر روبرت فلاهرتی ساڵی ١٩٢٢ دەست پێدەکات بە فیلمی نانوکی باکور north of thenanook. روبرت فلاهرتی لە پێشڕەوی فیلمی تۆماریی دائەنرێ لە ١٦ فبرایری ١٨٨٤ لە میتشگان لە دایکبووە، هەر لە زانکۆی میتشگان خوێندویەتی، باوکی لە کارگەی دۆزینەوەی هەڵکەندنی تەنەکان (معادن) کاریکردووە، خولیای گەڕانو دۆزینەوە لەلای دروست بووە بە هۆی زۆر گەڕانی لەگەڵ باوکیداو تێکەڵبوونی بە ڕەگەزو خەڵکی جیاواز لە کرێکارانی ئەو کارگەیە.

فلاهرتی لە ساڵی ١٩١٦ دەچێت بۆ کەنەدا بۆ ژمارەیەک توێژینەوە بۆ کاروباری ولیم ماکینزی Mackenzie William و لە یەکێ لە گەڕانو توێژینەوەکانی ساڵی ١٩١٣، کامێرایەکی وێنە گرتنی سینەمایی بردو هەڵسا بە وێنەگرتنی فیلمێ، و لە کاتی کارکردن بە پرۆسەی مونتاژی ئەم فیلمە جگەرەیەکی داگیرساو دەکەوێتە سەر نێگەتیفەکانو ٣٥٠٠ پێ لە نێگەتیفەکان دەسوتێ فلاهرتی هەڵسا بە ڕزگارکردنی ئەوەی توانرا ڕزگار بکرێ لەو سوتانەو ئەوەی کە مایەوە لە فیلمە وێنە گراوەکە پیشانی هاوڕێکانیدا کە زۆر هانیاندا.

ساڵی ١٩٢٠ فلاهرتی گەڕایەوە بۆ ئەسکیمۆ بە ئامانجی تۆمارکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکان، لەوێدا هەڵسا بە کاری یەکێ لە فیلمەکان کە بڕی تێچوونی ئەم فیلمە نزیکەی ٥٠٠٠٠ دۆلار بوو، هەروا دوو کامێرای وێنە گرتنی بەکارهێناوە ئامێرێکیش بۆ نمایشکردنی کاری ڕۆژانە، هەروا ئەو کەلوپەلە کارگەیبیانە بۆ دەرخستنی فیلمەکە لە لۆکەیشنەکە، لە دەرئەنجامدا فیلمێکی تۆمار کراوی زۆر تایبەتمەند دەربارەی پیاوێکی ئازا لە ئەسکیمۆو خێزانەکەی، وە بوو بە یەکێ لە ئاماژە تایبەتمەندییەکانی مێژووی سینەما ئەویش فیلمی نانوک " Nanook oF the north " دوای فلاهرتی جۆن گریسۆن، کە بەرهەمهێنەرو دەرهێنەرو دۆزەرەوەو لێکۆڵەرەوەی جووڵەو تەوژمی تۆماریی ئینگلیزییە.

جون گریسۆن لە ٢٥ ئەبریلی ساڵی ١٨٩٨ لە دانستون لە ئەسکتلەندا لە دایکبووەو ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کردووە. فەلسەفەی لە زانکۆی

گلاسگۆ خوێندووە. لە پاشان بۆ ماوەی ٣ ساڵ واز لە خوێندن دێنێ‌و پەیوەندی دەکات بە هێزی دەریایی ئینگلیزییەوە، گریسۆن کۆچدەکات بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەشداری دەکات لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک بۆ روکفلد " توێژینەوە دەربارەی کارتێکەری شێوازی پەیوەندی بینەران بە بیرۆکەی گشتیی" ساڵی ١٩٢٤ وەک ماوەیەک لە ئەمریکا بەسەریبرد لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاردا نووسیویەتی، لە جزایری ١٩٢٦ یەکەمین کەس بوو کە دەستەواژەی تۆماریی لە دەرهێنانی فیلمی موانا noana ی روبرت فلاهرتی ناونا ئەویش لە وتارێکدابوو بۆ ڕۆژنامەی New york sun وە ئەم دەربڕینە لە وشەی decomentaire وەرگیراوە کە فەرەنسییەکان لەو فیلمانەیان نا لە فیلمی گەشتەکان Trevelogues.

گرنگیدانی گریسون بە سینەما لەو گۆشە نیگایەوە هات لە ڕێی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ کارتێکردنی شێوازەکانی ڕاگەیاندن بەسەر گشتیدا، نەک چاودێریکردنی جوانییەکانی هونەر بێت. بەڵکو بەو پێیەی کە شێوازێکی گەیاندنە بواری گشتی.

گریسۆن ساڵی ١٩٢٧ گەڕایەوە ئینگلتەرا وە دەستیکرد بە توێژینەوە دەربارەی تواناکارییەکان بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوێکی حکومیی تۆ دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتی‌و فێرکاریی، یەکەمین فیلمی ڕاوکەرانی Drifters ماسی ساڵی ١٩٢٩ کە فیلمێکی تۆماریی بوو،

فیلمێکی تۆماریی بوو دەربارەی ڕاوکەرانی دەریای باکوور، کە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا، هانیدا بۆ بڵاوکردنەوەی فیلمگەلێک دەربارەی کۆمەڵێ گەنجی لێهاتوو بە توانا، سەرکەوتنی ڕاوکەرانی ماسی گرنگییەکی گەورەی هەبوو بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو فیلمانەو باوەڕپێهێنانی گریسۆن کە سینەما یەکێکە لە گرنگترین ئەو شێوازەی کە بەکار دەهێنرێ بۆ مەبەستی گشتیی، هەروا سەرکەوتنی ئەم فیلمە بواری ڕەخساند بۆ گریسون تا بۆچوونو بیرۆکەکانی بڵاو بکاتەوە، لە بری ئەوەی کە فیلمی نوێ دەربهێنرێ هەموو تواناو چالاکییەکانی خستە ڕووی دروستکردنی یەکەیەکی سینەمایی‌و ڕاهێنانی تاکەکانی.

جێی وە بیرهێنانەوەیە کە گریسۆن فیلمێکی تری دەرهێناوە ساڵی ١٩٣٤ ئەویش فیلمی The Fishing Banks of sky ئەو یەکەی گریسۆن بۆ فیلمە تۆمارییەکان توانی بە پێشڕەوایەتی ئەو ١٠٠ فیلمی تۆماریی بەرهەم بهێنێ، لە نێوان ساڵی ١٩٣٠ – ١٩٣٣. لە پاشان یەکەی گریسۆن تۆماریی بگوازێتەوە بۆ نووسینگەی پۆستی گشتیی کە تواناکارییەکان فراوانتر بوو کە گریسونو هاوکارانی‌و دەرهێنەرانی توانییان کە مامەڵە لەگەڵ تەکنیکو شێوەیەکی هونەریی بکات سەرباری بابەتەکان، و هەڵسان بە بەرهەمهێنانی باشترین فیلمی تۆمارکراوو لە یادا بمێنێتەوە لە نمونەی "گۆرانییەک لە سیلان Songs of Ceylon و وتاری شەو mail night " لە پاشان گریسۆن نووسینگەی پۆستی گشتیی بە جێهێشتو دەزگایەکی بۆ فیلمی تۆمارکراو دانا لە ساڵی ١٩٣٧، و لەڕێی ئەو پێگە تازەیەوە توانی بنکەیەکی نێو نەتەوەیی بۆ فیلم لە کەنەدا The nation at Film Board of Canada دابمەزرێنێ لە پاشان ساڵی ١٩٤٥ چووە وڵاتە یەکگرتووەکان کۆمپانیایەکی بۆ فیلم ساڵی ١٩٤٧ "دنیای ئەمڕۆ" today the world دامەزراند، هەر لە هەمان ساڵدا وەک بەڕێوەبەری شێوازی پەیوەندییە جەماهیریەکان لە دەستەی یونسکو هەڵبژێردرا، لەساڵی ١٩٥٧ کە بەرنامەیەکی هەفتەنامەی هەبوو لە تەلەفزیۆنی بەریتانی بە ناوی The wonder ful world کە هەڵبژاردەیەکی لە فیلمە تۆمارییەکان لە دنیادا پێشکەشکرد.

گریسون یەکێک بوو لە پێشڕەوانی سینەمای تۆماریی لە مێژوودا، وەک بەرهەمهێنەرو ڕێکخەرو ڕەخنەگرو دەرهێنەر، وە لە پشتی ئەو بزوتنەوە تۆمارییەوە بوو لە بەریتانیاو وڵاتانیتر، گریسۆن بەو جۆرە فیلمی تۆمارکراو دەناسێ فیلمی تۆمارکراو چارەسەرکردنی ڕووداوە واقیعیەتی

ڕووداوکراوەکان دەکات بە شێوازێکی هونەریی باڵا.

وە گریسۆن لە فیلمی تۆمارکراودا ٣ تایبەتمەندی جێگیر کرد، کە دەبێت هەبێت بۆ ئەوەی بێتە فیلمێکی تۆمار کراوی ڕاستەقینە ئەوانیش:

١. پێویستە کە فیلمی تۆمارکراو توانای گواستنەوەو تێبینی کاریی هەڵبژاردنو پاککردنەوەی خودی ژیانی هەبێت، ئەو پشت بەو بابەتە نووسراوو ئەکتەرانو باروودۆخی دروستکراونابەستێ، هەروەک لە فیلمی روائیدا دەربینرێ، بەڵکو ئەو دیمەنە زیندووانەو ڕاستییەکان وێنە دەگرێت.

٢. کارەکتەری فیلمی تۆمارکراو و دیمەنەکانی لە ڕاستییو باروودۆخی زیندوو هەڵدەبژێرێت سوود وەرناگرن لە ئەکتەرانی پیشکەوتوو یان دیمەنی دروستکراو لە نێو ستۆدیۆکان.

٣. بابەتی فیلمی تۆمارکراو ڕاستەوخۆ لە سروست هەڵدەبژێرێت بەبێ نووسینەوە و داڕشتنەوەی بەو پێیە بابەتەکانی وردبینی ترە واقیعیترە لە بابەتی نووسراوو ئەکتەران.

هەروا لە سۆڤیەتیش هەندێ هەوڵی فیلمی تۆمارکراو هەبوو کە دیسکافیدتوف dzige vertoc هەندێ کارتێکەری دیاری خستە ناو پرۆسەی مونتاژی فیلمەکەی Film Truth وە لە دواتردا بەخستنە ناو بەکارهێنانی تەکنیکی مونتاژ لە فیلمە تۆمارکراوەکان کە پێشکەوتنی سوڤیەتی بەدەردەخات.

## • جۆرەکانی فیلمە تۆمارکراوەکان:

کاتێ کامێرا لە شوێنە ڕاستەقینەکاندا کەوتە جووڵە " جا ئەگەر ئەوەی وەریگرتبێ بابەتی تایبەت بێت بە ڕۆژنامەی سینەمایی یان ئەو فیلمە زانیاری ئامێزانەی کە شێوەیەکی درامیی هەیە، یان ئەو جۆرانەی کە وەرگیراون یان فیلمە فێرکارییەکان، یان فیلمە زانستییەکان، ئەوا گشت ئەو بابەتانە بە فیلمی تۆماریی دەژمێردرێن. پیشەشازی فیلمی تۆماریی لە سەرەتاکانی سینەماوە بە تۆمار کردنی ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریان ڕووی ئەدا تۆمار دەکرانو دەستپێکردووە، جا گەر نمایش ئامێز بێت، یان ئاهەنگ یان پێشانگە یان ئۆپێرا شانۆییەکان، بەهای ئەو فیلمە سەرەتاییانە لەوەدا بوو کە ئامانجێکی هەبوو " لوژیکییە" بە سانایی کەرەستەیەک بوون بۆ تۆمار کردنو پەخشکردنی زانیارییەکان.، بەڵام بەکارهێنانی فیلمە تۆمارییەکانی ئێستا زیاتر قووڵترو شێوەی جیاوازو جیا جیا وەردەگرن. و دەچێتە ژێر ناوی فیلمە تۆمارییە جۆربەجۆرەکانو بەم شێوەیە:

### ا. فیلمە هەواڵ ئامێزەکان :

News Films

فیلمە هەواڵ ئامێزەکان لە سادەترین جۆرو نزیکترین شێوەی فیلمە تۆمارییەکانە، بۆ داپۆشینو وەرگرتنی هەواڵە بابەتییەکان وەک گەیشتنی سەرۆک کۆمار لە کۆنگرەیەک کە لە دەرەوە سازیداوە، تۆمارکردن لێرەدا تا لە توانادا بێت بابەتیانە دەبێت، و لەم جۆرە هەواڵانە دەچێتە نێو هەواڵی ئامادەکراو، و مەبەست لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانە تەنها بە مەبەستی ئەوەی بە ڕاستیی چی ڕوویداوە بە نمایشکردن هەندێ لە دیمەنەکان، وردەکارییە جەوهەرییو سەرەکییەکان ڕوونبکاتەوە بە بێ پێویستبوون بە وتن یان کە لە بابەتەکەوە وەرگیرا بێت، لەم جۆرە هەڵوێستانەدا کامێرا چڕتر دەبێتەوە و کەمتر دەجووڵێو هاوێنەکانی بەرەو ڕووی هەر هەواڵێکە یان هەر ڕووداوێکە.

هەروا فیلمی هەواڵئامێزیی ئەو فیلمەیە کە دروستکەری فیلمەکە بۆ بینەر زانیاری گرنگ دەبەخشێ، سەبارەت بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاتیی کە کاری کردۆتە سەر کۆمەڵ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، پێویستە ئەو دیاردەیە یان ئەو بابەتە یان ئەو بیرۆکەیەی کە دروستکەری فیلمەکە دەربارەی دەدوێ تازەو زیندوو بێت، وە دەتوانرێ کە ڕۆژنامەی سینەماییش بە فیلمی هەواڵئامێزیی دابنرێ، و ڕیپۆرتاژە سینەماییەکان تەنها دیمەنێکی

لاوەکی سەرکەشی دەربارەی ڕووداوەکان پێشکەشدەکەن و گرنگترین ئەو هەڵوێستانە هەڵدەبژێرێت کە بە دڵسۆزییەوە نمایشیدەکات، وەک نمونەی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییە نووسراوانە، ڕیپۆرتاژی سینەمایی هەوڵی ئەوە نادات بگات بە کاکڵەو ناواخنی شتەکان.

ئەو ڕووداوە هەواڵئامێزانەی کە ناونیشانی گەورەی هەیە بەسوود نابێت تەنها گونجاوە بۆ ڕۆژنامە سینەماییەکان، کە گرنگی دەجووڵێنێ کاتێ لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەبێتەوە لەبەر ئەوەی " هەواڵە " و لەبەر ئەوەی خوێنەر بۆ یەکەمینجارە دەیخوێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە نمایشی دەکات لەسەر شاشە کۆن دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە ڕۆژنامەی سینەمایی سوود لەو بابەتانە وەربگرێ کە پشت بە ڕەگەزی ڕووداوی کتوپڕ وەرناگرێ، و تەنها دەبێتە جێی بایەخی بینەر لەلایەن وێنەوە، هەروەک دەبێت پشت ببەسترێ بە لێهاتویی نمایشکردنی، وە هەواڵە کۆنەکان بە جۆرێ لە جۆرەکان دەبێتە گرنگ لەلای بینەر.

## ٢. فیلمە هەواڵئامێزە تایبەتمەندییەکان: Feature news Films

لە پاڵ فیلمی هەواڵئامێزییدا، فیلمی هەواڵئامێزیی تایبەتمەند، بوونی هەیە، کە شێوەیەکی ڕێکخراوترو شیکارییە، لە کاتێکدا کە فیلمی هەواڵئامێزیی زانیارییەکان لە ڕووداوەکەوە وەردەگیرێت، ئەوا فیلمی هەواڵئامێزیی تایبەتمەند ئاوێتەی بابەتەکە دەبێت، کە هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنو جەختکردن لەسەر گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی لە ڕووداوەکەدایە لە ڕێگەی وێنەگرتنو مونتاژ کردنەوە. ئامانجی ئەم جۆرە فیلمە تەقینەوەی قووڵایی بابەتەکەیەو تا دەچێتە ئەوپەڕی کە تەنها تۆمارکردنو وەرگرتنی ڕووداوەکە بێت کە ڕوو ئەدا. بابەتەکە بە سەرنجێکی وردترو زۆرەوە بە دیار دەخات.

زۆرجار لە ئامادە کردنی ئەم جۆرە فیلمانەدا هونەرمەندانی لێهاتوو تایبەتمەند بەم جۆرە فیلمە هەڵدەستێ، لەم جۆرە فیلمانەدا لەوانەیە شتێ بتەقێتەوە لە نمونە وتراوەکان بە گۆشە نیگایەکی زۆر هونەرییانە.

واتە ئەو فیلمانە بەوەندە ناوەستێ کە ڕاستییەکان وەک خۆی پێشکەشبکات، بەڵکو هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنو چڕ کردنەوە بە ئامانجێ کە سروشتێکی دیاریکراو ببەخشێتە بینەر، وە زۆر جار ئەم فیلمانە مەبەست لێی ئەو فیلمە تۆمارکراوانەیە کە ماوەیەکی درێژی هەبێت، کە بوارێک دەبەخشێ بە هونەرمەند کە لەو ماوە درێژەدا ئازادی دەربڕینو گوزارشتکردنی پێدەبەخشێ و دەتوانێ کارێکی تایبەتمەند پێشکەشبکات، ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە هەرچەندە بە شێوازێکی سمفۆنی جوان پێشکەشبکرێ بە تەنیا بەس نییە لەوەی فیلمێکی باوەڕ پێهێنەر پێشکەشبکات، پێویستە فیلمەکە بچێتە پشت ئەو ڕووداوو دیمەنانەوە و کارێکی هونەریی بەرز بەدەربخات و بگاتە قۆناغەکانی هونەریی باڵا، فیلمی هونەرییش بەو واتایە مەبەست وێنەگرتنی شتەکان نییە وەک خۆی، بەڵکو مەبەست لێی بەدیارخستنی ئەو مەبەستەیە کە لە پشت ئەو شتانەوەیە، بۆ هەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە هەستێکی تایبەتی هەیە، پەرچە کردارێکی دیاریکراوی دەبێت بەسەر بینەردا، ئەرکی سینەماکار ئەوەیە ئەو خاڵانە بزانێو تۆماریبکات، کە ڕێگەیەکە بۆ زیندوو بەخشینی ئەو واقیعەی نمایشەکە و هەتا ئەگەر ناواقیعیش بێت.

## ٣. فیلمی ڕاگەیاندنو فێرکاریی: instruetional Film –The informational

دەکرێ باشترین نمونە دەربارەی فیلمی ڕاگەیاندن informational ئەو فیلمانە بێت کە لە نێو ماڵەکان وێنەی دەگیرێو بۆنە تایبەتیەکان تۆمار دەکات، وەک ئاهەنگی ژنهێنانو لە دایکبوون، هەروا فیلمی گەشتەکان، هەردووکیان مەبەست

تۆمارکردنی ڕووداوو شوێنەکانە، سەرباری ئەوەی ئەم فیلمانە لەلای دروستکەرە باشەکانی فیلمەوە بە هەند وەرناگیرێت، بەشتێکی نەگونجاو و بێکەڵکی دادەنێن، بەڵام تەکنیکی هەر فیلمێکی باش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی هەر شێوە فیلمێ کە بابەتەکەی هەرچییەک بێت.

فیلمی ڕاگەیاندنیش لە نمونەی فیلمە هەواڵییە ئامێزەکان، مەبەست پێشکەشکردنی زانیاری دیاریکراوە، هەروا چەندین بواری جیاواز دەگرێتە خۆ، مەبەست لە نمایشکردنی ئەم جۆرە بە دەرخستنەو ناسینەوە دەکرێ پروپاگەندەیەکیش بێت. هەروا فیلمی ڕاگەیاندنیش لە بواری خزمەتگوزاری گشتیدا بەکار دەهێنرێت، هەروەک بەخشینی زانیاریو فێرکاریی دەبێت لە نمونەی فیلمی "ڕێنمایی جوتیاران" هەروا بەخشینی زانیاری شارستانییەتی گەلان. هەروەها لە ڕێی ئەو پێشکەشکردنە بینراو و بیستراوەوە کە بە داڕشتەیەکی هونەریی سینەمایی ئامادە کراوە، مێژوو بە شێوازێکی سینەمایی دەگێڕێتەوە. هەروا شێوازێکی فێرکردنی بە بەهاو سەرنج ڕاکێشە لە شێوازە باوەکانیدی وەک پەرتووکی نەخشەو جۆریتر.

فیلمی فێرکاریی زۆرجار لە توێژینەوەی لێکۆڵینەوە و وانەکانی قوتابخانەو زانکۆکانی بەکاردەهێنرێت، لە نمونەی تۆمارکردنی نەشتەرگەریی کە بۆ قوتابیانی کۆلێژی پزیشکیی بە مەبەستی فێرکاریی نمایشدەکرێ. یان ئەو فیلمانەی لە کۆلێژی سەربازیی دەخوێنرێ سەبارەت بە مانۆڕە سەربازیی‌و ڕاهێنانە سەربازییەکانە. فیلمی فێرکاریی بنیاتێکی زانستی هەیەو سوود لە بابەتی واقیعیی‌و حەقیقی وەردەگرێ. هەروا لە بواری فێرکاریی‌و توێژینەوەکان سەرکەوتووە. هەروا پێویستە هەر لە سەرەتایەوە ئاماژە بە جیاوازی نێوان فیلمە ڕاهێنانەکان‌وفیلمە دراسییەکاندا بکەین، کە هەردووکیان فیلمی فێرکارییین. کە جیاوازن لە ئامانجیاندا هەروا جیاوازی لە ئەرکی هەریەک لە ڕاهێنەرو مامۆستا. فیلمی ڕاهێنان گرنگی ئەدا بە ڕاهێنانی توانایی دەست‌و ڕێساکانی بەکارهێنانی. گەر بۆ قوتابیانی پیشەیی دیاریکراو بێت یان بۆ بینەرێکی گشتیی. گرتەکان زنجیرەییەو پێویستی بە هەنگاوی زانستیی هەیە.

ڕێسای یەکەم لە دروستکردنی فیلمی ڕاهێنان دوورکەوتنەوەیە لە پەرتبوونی هزری نییە، بۆ ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گرتەیەک‌و گرتەی دواتردایە لە گرتەکانیدی، هەروا لە فیلمی تۆمارییدا تواناکاری فراوان هەیە لە بواری فێرکاریی منداڵان، هەروەک ناوەندێکی سینەمایی هەموو تواناکارییە پیشەییەکانی تێدایە بۆ هونەریی سینەماو گرنگترینیان تێپەڕاندنی سنوری کات‌و شوێن‌و تێپەڕاندنی سنوری توانا مرۆییەکانە. گشتیان تواناکاری گرنگن لە پرۆسەی فێرکردن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەرکی تۆمارکردنی مێژووە کە فیلمی تۆماریی‌و لەم میانەیەوە منداڵان دەتوانن ڕووداوەکانی دوێنێ ببینن‌و سوود لە ئەزمونەکانی وەربگرێ. هاوکات تۆمارکردن سوودی زۆرە بۆ پەیوەند بەستنی نەوەکان‌و گواستنەوەی کولتورو گەیەنەری ڕابردوو داهاتووە، یارمەتیدەرە بۆ پرۆسەی چەسپاندن‌و بنیاتنانی کۆمەڵایەتی، هەروا فیلمی فێرکاریی وەک یەکێ لە لقەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی بەکار دەهێنرێت. ئەمەش داهێنانێکی تازە نییە.. وێنەگری سینەمایی بەشێکی ئێکس بۆ وێنە بەکاردێنێت بۆ دەستنیشانی پزیشکیی کە (دکتۆر – ج. کانتی) لە ماوەی سەدەی ڕابردوو واتە بەکاری هێنا، هەروەها فیلمی سەرسوڕهێنەرو جوان بە شێوەی خاو کردنەوە بەکارهاتووە بۆ جووڵەی بەدەرخستنی گەشەی ڕووەک‌و گوڵەکان بۆ یەکەمین جار بەهۆی "بیرس سمپ" لە لەندەن ساڵی ١٩١٩. فیلمە فێرکارییەکان شێوەیەک لە شێوەکانی وانە وتنەوەو هیچ بنیاتێکی درامیی تێدا نییە. بەڵکە تەنها بایەخ بە وەسف‌و نمایشکردن ئەدات. بە دەگمەن دەچێتە نێو قووڵایی بۆ ئاشکراکردنی شتێک بێت. کە ئەمەش سنوری شێوەی فیلمە فێرکارییەکانە.

## ٤. فیلمی پڕووپاگەندە و ڕیکلام :
promotional and propagandistic Films

دروستکەری ئەم جۆرە لە فیلمە تۆمارییەکانو گەشتوگوزارییە بۆ ناساندنی پرۆژە جۆر بەجۆرەکانە، جا هونەر بێت یان کرداریی یان رۆشنبیری. و پێویستە بەو فەرمانبەرانەی کە بایەخ بە پڕووپاگەندە دەکەن بایەخێکی زۆرتایبەت بدەن بە سینەما کە هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیاندنی بیرۆکەو مەبەستەکانیان بۆ بینەران، لە تواناياندايە بەهۆی بەکارهێنانی هارمۆنییەکی تایبەتو تواناکارییە وێنەیی گوزارشت ئامێزەکان باوەڕ بە بینەر بهێنێ، لەوە بەبەهاترو جوانترینە گوزارشت لە دیمەنێکدا کە بە جۆرێ بڕاوە بە پێی هارمۆنییەتو کاتێکی دیاریکراو، لەوانەیە گرنگترین شت کە پەیوەستە بە سینەما ئەو دەربڕینەیە یان ئەو یەکەی دیمەنەیە کە لە شەوێکدا هەزاران جارو بۆ ملیۆنەها چاو پیشاندەدرێ، هەروا دەتوانرێت ئەو نمایشە بۆ ملیۆنەها خەڵکو چەندین ساڵ دووبارە پیشانبدرێت. ئەگەر فیلمەکە باش بێت ئەم ڕاستییە گرنگە بوارێکی نوێیە بۆ پەیوەندی گرتن بە بینەرانو هیوایەکە بۆ باوەڕ پێهێنانیان، کاتێ مەبەستی سەرەکی ئەو فیلمانە بانگەشەیە بۆ فرۆشتنی شتێ، کەلوپەلێ، یان باوەڕهێنانی بینەرە بۆ کڕینی ئەو شتە، کە دەبێتە فیلمی پڕووپاگەندە یان ڕیکلام.

هەروا فیلمی پڕووپاگەندە هەیە بۆ باوەڕهێنانە بۆ هەڵبژاردنی یەکێ لە کاندیدی سیاسی و ئەو فیلمانەن کە بە تایبەت بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکرێ بە مەبەستی پاڵپشتیو پشتگیری کردنی کاندیدە سیاسییەکانە و یان ئەو فیلمانەی هاندەرن بۆ جۆرە چالاکییەکی دیاریکراو وەک ڕاهێنانی وەرزشی بەسوود بۆ تەندروستی جەستە، هەروەها ئەو فیلمانەی وەک هاندانێکە بۆ گەشتو گوزار کردن لە هەندێ لە وڵاتان هەروا هەندێ فیلمی تۆماریی دەبێتە ڕوونکردنەوە بۆ هەندێ بابەتو کێشەی گرنگ لە نمونەی چۆنییەت پارێزگاریو خۆپاراستن لە نێو قوتابخانەکان لە کاتی ڕوودانی بوومەلەرزەیەک، هەرچەندە ئەم فیلمانە بەهێزن بۆ پڕووپاگەندە گرتن هاوکات ڕووانینو گۆشە نیگایەکی تایبەتی ئەو هونەرمەندەی کە ئامادەی دەکات، بۆ پێشکەشکردنی زانیاری دیاریکراو لە چوارچێوەیەک کە بگاتە وەرگر، ئەم جۆرە فیلمانە پڕووپاگەندەیەو دەگەڕێتەوە بۆ فیلمە تۆمارییەکان، لەبەر ئەوەی ڕاستییەک بەدەردەخات، بەڵام لە قاڵبێکی شیکارییو گۆشە نیگایەکی تایبەت. فیلمی تۆماریی باوەڕ پێهێنەر جۆرێکە لەو فیلمانەی هەوڵی یاریکردن بە سۆزو هەستو هەڵوێستەکان دەکات بۆ وروژاندنی بینەرو تەماشاچییەکان.

فیلمی تۆماریی وەک زۆربەی شێوە فیلمەکان تیۆرێکی هەیە بۆ بابەت نووسراوە وەکو لە فیلمی هەواڵ ئامێزدا لێکچووی لە پەرە یەکەمینەکان وەردەگیرێ، بەڵام لە فیلمی پڕووپاگەندەدا بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو یان جۆرێک لە جۆرەکانی خزمەتگوزاری فیلمی ڕاگەیاند وەک کۆمەڵێ کورتە نامەکە گەشتکەریی لە گەشتەکەیدا وەریدەرگرێ.، بەڵام فیلمی فێرکاریی نزیکە لە پەرتووکەکانی قوتابخانەو فرۆشگەکان.

## ٥. فیلمی تۆماریی کۆمەڵایەتی :
Film the social Documentary

دروستکەری فیلم کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەڵدەبژێرێتو لە چەند ڕوویەکی جیاواز لێی دەکۆڵنەوە.. هەروا هەڵدەستێ بە شیکارییو نمایشکردنی بۆ بینەر بۆ بەدەرخستنی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە، هەروا ئەو دەرئەنجامە جیاوازی کە بوونی بەدی هاتووە و ئاستی دەرئەنجامی ئەو کێشەیە لەو لایەنە نێگەتیفو پۆزەتیفانەی کار دەکاتە گشت کۆمەڵ.

## ٦. فیلمی بەڵگەنامەیی :
the compilation Film

لەم جۆرە لە فیلمە تۆمارییەکان، دروستکەری فیلم لە زۆربەی کات، هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی چەند بەشی دیاریکراو لە فیلمە سینەماییە تۆمارییەکان کە پێشتر وێنەی گیراوە، لە پاشان هەڵدەستێ بە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو بەشە وێنەییانە لە ڕێکخراوییەکو تەوقیتێکی دیاریکراو بە پێی بابەتی فیلمەکە یان بۆ بیرۆکەی سەرەکیی کە مەبەست گوزارشتێتی، مەبەستو ئامانجی دروستکەری فیلم ئەم جۆرە فیلمانە، نمایشکردنی ڕووداوە مێژووییەکانە کە کارتێکەرێکی دیاریکراوی هەیە یان پەیوەستە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. یان ڕووداوێکی ڕاستەقینەی دیاریکراو. بەهای فیلمە تۆمارییەکان لەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە تەنها سوود لە بابەتێ وەردەگرێ کە لە واقیعدا هەیە، بەو پێیەی کە دەگەڕێتەوە بۆ بەهاو بەکارهێنانی ئەو بابەتە واقیعیە بە واتایەک کە بەڵگەنامەیی دەرئەنجامی بە بەهاترین فیلمی تۆماریی بەڵگەنامەییە نەک تەنها مادەیەکی بەڵگەنامەیی وێنەیە ئەگەر نا فیلمی تۆماریی وەک ناوەڕۆک نزیک دەبوو لە ڕۆژنامەگەریی سینەمایی.

## • کۆتایی :

بەڵگەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە فیلمی تۆماریی بە واتای دیاریکراو لە جیهانی بەرهەمهێنانی سینەمایی وەک بابەتێکی سەربەخۆ بەدینەهات، وەک یەکێ لە دەرئەنجامە پیشەسازییە سینەماییەکان نییە، بەڵکو کۆمەڵێ هۆکار یارمەتیدەر بوو بۆ دەرکەوتنی ئەو تەوژمە کە ناونراو لە سەرەتاکاندا بە ناوی جۆر بە جۆر هەتا کەسە پێشڕەوەکان ڕێساو یاسای دیاریکراویان بۆ شێوە جیاوازەکان دارشت. و ئامانجیو شێوازەکانی جێبەجێکردنو ئامادە کردنیشی.

داهێنانی سینەما لە یەک کاتدا لە فەڕەنسا و ئینگلتراو ئەڵمانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان سەریهەڵدا، سینەما هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی نێودەوڵەتی بوو بە پلەیەک کە پاش یەک ساڵ لە لەدایکبوونی فیلمەکان لە نیویۆرکو لەندەنو بەرلینو برۆکسلو پاریس نمایش دەکرا، ئەوەندەی نەخایاند کە ئەوروپییەکان بایەخیان بە کینتوسکوبەکەی ئەدیسۆن داو بە خێرایی جوڵان بەرەو نمایشکردنی وێنەکانیان لەسەر شاشەی گەورە، و یەکەمین هەوڵەکان لە بەرهەمهێنانی شریتە سینەماییەکان بوو لە فیلمە گەشت وە هەندێکیدی هەواڵنامێزی لە فەڕەنسا لەگەڵ سەرەتای بەرهەم هێنانی سینەماییو لە داهێنانی لویس لومیەر ساڵی ١٨٩٥و لە دەرئەنجامی هەوڵی ئەو کەسانەی کە دوور بوون لە بواری کاری سینەمایی وەک پیشەیەک – واتە کەسە نەشارەزاکان بە گشت لایەنەکانی کاری سینەماییو لەسەر ئاستێکی بەرز لە تواناکارییەکانیان هانی کۆمەڵێ لە خولیاکارانیدا هەوڵی تێر کردنی ئارەزوو بەهرەکانیان ئەدا بێ ئارەزووی دەستکەوتو قازانج کاری بەرهەمهێنانو کاری سینەماییان ئەکرد بە ڕێژەیەکی بەرز کە سوودیان لە واقیع وەرگرت لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکو لە جێبەجێ کردنیشدا، هیچ توێژینەوەیەک لە فیلمی تۆماریی ناتوانێ ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەریەک لە "جۆن گریسون و روبرت فلاهرتی" لە بواری فیلمی تۆماریی بە هەند وەرنەگرێ. کە کارەکانیان چ لە بواری بەرهەمهێنانو دەرهێنانو ڕەخنەدا بە دەرە، یان شێکاریی وەک قوتابخانەیەکە بۆ هەریەک لەو دەرهێنەرانەی لە دوای ئەوان هاتن لە دەرهێنەرو ڕەخنەگرو توێژەرەوانو لێکۆڵەرەکانی سینەمای تۆمارییو بە شێوەیەکی گشتییو بە توێژینەوەی شێوازی کارکردنیان لە بواری فیلمی تۆماریی دەتوانرێ بۆ ئەو کەسانەی بایەخ بەو جۆرە بەرهەمە سینەماییانە ئەدەن سوودی باش بێتو بە بایەخ بێت لە ڕێساو یاساکانی فیلمی تۆمارییو بنیاتنانیی.

پێناسەو ناساندنەکانی گریسون بۆ فیلمی تۆماریی لەلایەن هەندێ قبوڵکراو لەلای هەندێکیدی ڕەتکرایەوە، بەڵام بە دڵنیایی کە ناساندنی گریسون بۆ فیلمی تۆماریی لە ڕووکاری پێشوو ئاماژەی پێدراوە ڕێساو یاساکانی دیاریکراوەو قووڵایی

ئەنجامی نوێ بوو بۆ پیشەسازی سینەماو کردنەوەی پانتایی‌و هیوای گەورە بوو بۆ تۆمارییەکان لە دەرهێنەران‌و ڕەخنەگران کە هاوکات فیلمی تۆماریی بەوەشەوە نەوەستا کە تەنها وێنەگرتنی ڕووداوو هەواڵ‌و بەڵگەکردنی چالاکی گەورە پیاوانی وڵات‌و کەسایەتییەکان بێت، یان تۆمارکردنی چالاکی تاکەکان بێت لە گەشت‌و گەڕانە جوگرافیی یان بۆنە تایبەتییەکان بێت، پێشڕەوانی سەرەتا لە بواری فیلمی تۆماریی لە دوای نمونەی گریسۆن‌و فلاهرتی کاخلکنتی‌و ئایزنشتاینو روپمان‌و بول روپاو ئەوانیدی بەشدار بوون لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە فیلمانە. یان بە نووسینە ڕەخنەیی‌و شیکارییەکانیان، یان بە نووسین‌و تیۆرییەکان لە گەشە کردنی فیلمی تۆماریی بەو پێیەی سیفەتێکی تایبەتە بۆ سینەما بە گشتیی. هەتا فیلمی تۆماریی بە واتاکارییە دیارەکانی وەک چالاکییەکی ڕاگەیاندن‌و هونەریی سەربەخۆو خاوەن ڕێساو بنەما دیاریکرا.

فیلمی تۆماریی بە درێژایی ساڵانێک سوودی وەرگرتووە لە وێنەو دواندن "تعليق" و لەگەڵ گەشە کردنی تەکنیکی وێنەگرتن‌و تۆماریی دەنگیی توانرا سەرچاوەی سینەمایی ڕاستەوخۆ لە فیلمی تۆماریی بەدیبهێنێ، بە جۆرێ دەتوانرێ لە وێنەگرتن کەسەکانی فیلمی تۆماریی‌و تۆمارکردنی دەنگە زیندووەکانیان کاتێ دەدوێن‌و مامەڵە دەکەن لەگەڵ کەسانیدی سوود وەربگیرێت، هەروا توانرا کە چاوپێکەوتنی زیندوویان لە گەڵدا بکرێ، سینەما توانی بە توانا گەورەکانی خۆی بە تواناکاریی تەکنەلۆژیا پێشکوتووەکان بچێتە ناو جێبەجێکردنی نهێنییەکانی کارە هونەرییەکەو ئەو گوزارشتانەی لە ناخ‌و ویژدانی هونەرمەندەکە هەڵدەقووڵێ‌و تیشکی دەخرێتە سەر.. هەروا بۆ بینەر ڕووانینێکی شاعیرانەیە، ئەو لە میانەی هاوێنەی جادوویی ڕووانینێکی ڕاستەوخۆ لە کارە هونەرییەکە وەردەگرێ، وە لەبەردەم سینەمای تۆماریی شێوەی جیاوازو قاڵبی جیاواز بەردەکەوت کە هەریەک بە پێی ئامانج‌و مەبەستێکی تایبەت بوو، وە بەپێی جۆرو سروشتی ئەو بابەتەی لێی دەکۆڵێتەوە تایبەتمەندی بینەر وەردەگرێ.

سروشت‌و ژیان لە نێو ململانێدان، کەمتر نییە لە ململانێی درامیی لە شانۆ و ڕۆمان‌و چیرۆکدا، بەڵام گرنگ ئەو ڕووانینەیە کە پەیوەست گیرە بەو واقیعەوەو هەڵبژاردنی ئەو ڕەگەزو سەرچاوانەیە کە لای بینەر گرنگە، پەیام‌و نامەی فیلمی تۆماریی تەنها لە بواری شێوەکاریی پێشوازی لێنەکرا بەڵکە گەیشتە دنیای زانست‌و نهێنییە سەیرو سەمەرەکانی وە بۆ دنیای گەردون‌و ئاسمان هەروا چووە نێو دەریاو بابەتە زانستییەکان چوونە نێو دنیای وێنە.. کە تواناو پەرچەکرداری خۆی هەبوو، بەو جۆرە سینەما لەم سەردەمەدا ئەوەی سەلماند کە هێزێکە تواناکاری لە ڕادەبەدەرو سەرسوڕهێنەری هەیە و دەتوانێ لە زیاد لە دارشتەو هێزو بۆچوون‌و ڕووانینی جۆربەجۆر بەدیبێت، وە تواناکاری گەورەی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی‌و زانستییدا. بە کورتی لەوەی لە ماوەی پێشوو لە فیلمی تۆماریی ئاماژەی پێدرا، ئەو شێوەو شێوازە تایبەتمەندەیە لە بەرهەمهێنانی سینەمادا کە سوودی لە واقیع وەرگرتووە، هەندێکجار لە ڕووی بابەت یان لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە بێت، ئامانجی دەستکەوتی مادیی نییەو بۆ کات بەسەر بردن نییە. بەڵکو بە پلەی یەکەم ئامانجی تایبەت دەسپێکێکە کە پەیوەستە بە لایەنەکانی ڕاگەیاندن‌و فێرکاریی یان ڕۆشنبیریی یان پارێزگاریکردن لە کولتورو مێژوو، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئەقڵ دەدوێ، ڕاستەوخۆو ڕوون‌و ئاشکرایە، وە زۆرجار بەو پێیەی لە ڕووی کات کەم وەردەگرێ دەبێت لەو ماوە کورتە جەخت بخرێتە سەر گرنگترین لایەن، زۆرجار بۆ بەشێکی دیاریکراو لە بینەرانە " کۆمەڵێ بینەری تایبەت " گەر دروشمی سینەمایی‌و ڕوائیی‌و سینەمای ڕوائیی "سینەما هونەرو پیشەسازی‌و بازرگانییە" ئەوا دروشمی فیلمی تۆماریی یان سینەمای تۆماریی بە گشتیی سینەما پەیام‌و هونەرو زانستە.